ئەگەر الله بەندەیەکی خۆش بوێت، بانگی جبریل دەکات: فلّانم خۆشدەوێت؛ تۆیش خۆشت بوێ، بۆیە جبریلیش خۆشی دەوێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر الله بەندەیەکی خۆش بوێت، بانگی جبریل دەکات: فلّانم خۆشدەوێت؛ تۆیش خۆشت بوێ، بۆیە جبریلیش خۆشی دەوێت، و(جبریل) لە نێو ئاسماندا بانگ دەکات: الله فلّانی خۆشدەوێت، ئێوەیش خۆشتان بوێ، بۆیە نیشتەجێبووانی ئاسمانیش خۆشیان دەوێ، وپاشان ڕەزامەندی^ پێدەبەخشرێت لەسەر زەویدا، وئەگەر الله ڕقی لە بەندەیەک بێتەوە، بانگی جبریل دەکات ودەفەرموێت: من ڕقم لە فلّانە، تۆیش ڕقت لێی بێتەوە، بۆیە جبریلیش ڕقی لێی دەبێتەوە، پاشان بانگی نیشتەجێبووانی ئاسمان دەکات: الله ڕقی لە فلّانە، ئێوەیش ڕقتان لێی بێتەوە، وپاشان تووشی ڕق لێبوونەوە^^ دەبێت لەسەر زەویدا». ^(ڕەزامەندی: مەبەست لە ڕەزامەندی لێرەدا خۆشەویستی کەسانی ئیمانداری چاکە بۆ ئەو کەسە)، ^^(ڕق لێبوون: واتا کەسانی ئیمانداری چاک ڕقیان لەم کەسە دەبێتەوە)

[سەحیح - ڕاست)] [صحیح مسلم)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەگەر الله بەندەیەکی ئیمانداری خۆش بوێت کە فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات وخۆی لە نەهی لێکراوە بە دوور دەگرێت، پەروەردگار بانگی جبریل دەکات: الله فلّانی خۆشدەوێت؛ تۆیش خۆشت بوێ. جبریلیش خۆشی دەوێت کە گەورەی فریشتەکانە -علیه السلام-، وجبریل لە نێو فریشتەکانی ئاسماندا بانگ دەکات: پەروەردگارتان فلّانی خۆشدەوێت؛ ئێوەیش خۆشتان بوێ، بۆیە نیشتەجێبووانی ئاسمانیش خۆشیان دەوێ، وپاشان قبوڵبوونی پێدەبەخشرێت لە دڵی ئیماندارانداو بە خۆشویستنی ونزیك بوونەوە وڕازیبوون لێی. وئەگەر الله ڕقی لە بەندەیەک بێتەوە، بانگی جبریل دەکات ودەفەرموێت: من ڕقم لە فلّانە، تۆیش ڕقت لێی بێتەوە، بۆیە جبریلیش ڕقی لێی دەبێتەوە، پاشان جبریل بانگی نیشتەجێبووانی ئاسمان دەکات: پەروەردگارتان ڕقی لە فلّانە، ئێوەیش ڕقتان لێی بێتەوە، وپاشان تووشی کینە وڕق لێبوونەوە دەبێت لە دڵی ئیماندارانداو.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6458